# ڕوونکردنەوەیەك

وەک زۆربەی خوێنەرانی کورد، ئاگادارن، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئێمەوە بە چالاکی فیکری و نوسین، ئەم پرۆژە فیکریی و ڕەخنەییەی ئێمە، هەردەم شوێنی تیر و هەڕەشەی هەندێک لە پیاوانی دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیرە زڕ و بێبەرهەمەکانی ئەم واقیعە تاریک و تاڵەی ئێمە بووە. سەردەمانێک کە دەستمان پێکرد، ئەوانە بەوە خۆشحاڵدەبوون کە پلاکات و ڕاگەیاندنی کۆڕەکانمان بدڕن، بەوە تۆمەتبارمانبکەن کە ئێمە بیروڕای دژە شۆڕشگێری بڵاودەکەینەوە و واقیعی جوان و بێگەردی کورد ناشیریندەکەین. لەو سەرەتایەوە تا ئەمڕۆ، پتر لە پازدە ساڵە ئەم سیناریۆییە هەرجارە و بەشێوەیەک بەردەوامە و هەرجارە و جۆرە سیاسییەک و جۆرە قەڵەمێکی زڕنوس پاڵەوانی سیناریۆکە بوون. لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵێکیان داوە لە نرخی ئەم پرۆژەیە کەمبکەنەوە و وابکەن خەڵک و خوێنەران گوێ لەم کۆمەڵە نوسەرە نەگرن و نووسینەکانیان نەخوێننەوە. ئەو پلان و بەرنامە و هێرشانەی لە پازدەساڵی ڕابوردوودا ئەوانە کردویانەتە سەر ڕەهەند و نوسەرەکانی، لە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا بێوێنەیە. لەم چەند ساڵەدا ئەوەندە درۆ و بوختانمان لەسەر خۆمان بیستەوە، گەر ئەم هێرشانە ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی تر ببوایەتەوە، لە مێژبوو نائومێد بووبوون و وازیان لە نوسین هێنابوو. بەڵام دواجار ئێمە دەزانین مەبەستی پشت هەموو ئەو هێرشانە ئەوەیە ئێمە بێدەنگ بین و نەنوسین. لە دونیایەکی بێ فیکردا، لە دونیایەکدا کە بێبەرهەمی و جوینەوە و یەکشکاندن و شێواندن تیاسەروەرە، ئێمە وەک کەسانێک کە ڕۆژێک لە نوسین و ئامادەبوون لەسەر کێشە فیکری و سیاسییەکانی کۆمەڵگای خۆمان بێدەنگ نەبووین، هەمیشە بەشی شێری پەلامار و هێرشی ئەو ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەمان بەرکەوتووە. هەڵبەت کۆمەڵێک دەنگی جیاواز، کۆمەڵێک دەنگی ڕەخنەیی کە بڕوا و متمانەی بڕێکی زۆری خوێنەران ببەنەوە، ئاسان جێگایان نابێتەوە. پازدە ساڵە هەموو ئەو هەوڵانە بۆ شێواندن بێسوودبوون. لەو پازدە ساڵەدا نە ئێمە بۆ ساتێک کۆڵمانداوە و نە ئەوانەش کە دەیانەوێت جەوهەری پەیام و ئیشەکانمان بشێوێنن، کۆڵیانداوە. لەم ماوە درێژەدا لە هەر کەلێن و سوچێکەوە بۆیان ڕەخسابێت کاریان بۆ لادان و شکاندن و لەبیربردنەوەمان کردوە. ئیدی لە ڕەخنەی سەقەتەوە بیگرە لە نوختە و فاریزەی ناو نوسینەکانمان، تا دەگاتە پەلهاویشتن و دەستبردن بۆ ژیانی شەخسی خۆمان، دەرگایەک نەماوە ئەوانە لێینەدەن. ئەوەی بۆ هەموو خەڵک و لە هەموو سەردەم و شوێنێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەوا و ئاسایی بووە، بۆ ئێمە وەک کوفر و نائاسایی و تاوان وێنایانکردوە. لەم ڕێگایەدا نە سڵیان لە درۆکردۆتەوە، نە لە بێویژدانیش سڵەمیونەتەوە. بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە ئێمە زۆربەی کات بێدەنگبووین، نەک لە بەرئەوەی نازانین وەڵامبدەینەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوجۆرە بابەتانە تەنیا موهاتەراتی نزم بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت، فێڵێکە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی جیدی بۆناو ڕووبەری نزم و بچوک و ڕیوەڵە. ئێمە دەزانین ئەوانەی لە هەموو ژیانیاندا ناتوانن لە ووتارێکی ئێمە تێبگەن، خۆشحاڵدەبن، ڕامانبکێشنە ناو شەڕە قسەو موهاتەراتی نزمەوە، کە تاکە هونەرێکە ئەوانە دەیزانن و تاکە زانیارییەکە لەسەر دونیا هەیانە.

لەم ماوەیەی دواییدا ئەم پرۆسەیە شێوەیەکی بەرنامەڕێژی وەرگرتووە، بووە بە پرۆژەیەک ئاشکرا هەندێک لە قوتبە گەورەکانی دەسەڵات لە پشتییەوە وەستاون. خەڵکانێک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەهاوبەش و بەمەبەست ئیشی بۆدەکەن، لە هەندێک سیاسی گەورەوە بۆ هەندێک قەڵەمی زۆر بچوک. پاش ئەو هەموو پلارە نزم و پەلامارە بەنەخشەیەی لەم دواییەدا لە هەندێک ڕۆژنامە و سایتدا  بڵاوکرانەوە، بەپێویستمان زانی هەندێک ڕوونکردنەوە بخەینە بەردەمی خوێنەران.

سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکەین کە گوایە ئێمە یارمەتی نوسەرانمان وەرگرتبێت، ئەو یارمەتییەی چەندین ساڵە هەزاران نوسەر و نانوسەر، هونەرمەند و ناهونەرمەند وەریدەگرن. بەخشینی ئەم یارمەتییە کارێکی خراپ نییە و هەموو کەسێکی بەویژدان دەبێت پێیباش بێت دەوڵەت کۆمەک و هاریکاری نوسەران و هونەرمەندانی ڕاستەقینە بکات. بەڵام سەبارەت بە ئێمە، حەزدەکەین بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین ئێمە بە هیچ جۆرێک نە داوای ئەو یارمەتییەمان کردوە و نە پولێکیشمان لەو یارمەتییە وەرگرتووە و نە فلسێکی ئەو یارمەتییەمان بینیوە و نە کەسیشمان ڕاسپاردوە کاری وەهامان بۆبکات. بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە زۆرجار پێشنیار بۆ ئێمە کراوە کە مافێکی ئاسایی و سروشتی خۆمانە وەک هەموو نوسەران و هونەرمەندانی تری کورد یارمەتی وەربگرین، هەندێکجار خەڵکانێک و دۆستانێک بە نیەتی باش ویستویانە کار بۆ ئەوەبکەن، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردۆتەوە و وەرماننەگرتووە. هەتا دواجار کە یەکێک لە دۆستانمان «کاک شۆڕش جوانڕۆیی» هەوڵیدا بۆ ئەو مەسەلەیە قەناعەتمان پێبکات، بە نامەی تایبەتی بەڕێزیمان ئاگادارکردەوە کە هەوڵی وا نەدات و پێمانڕاگەیاند ئێمە ئەو کۆمەکە وەرناگرین. ئەو نووسراوەی ئەنجومەنی وەزیرانیش، بەو شێوەیەی

که له ڕۆژنامەی میدیادا بڵاوکراوەتەوە، نە ئاگامان لێیە و نە دەزانین کێ کردویێتی. ئێمەش وەکو هەر خوێنەرێکی دیکە لەڕێگای بڵاوبوونەوەیەوە لە "ڕۆژنامەی میدیا"دا بۆ یەکەمینجار بینیومانە و خوێندومانەتەوە. بڵاوبوونەوەشی بەو شێوەیە و لەلایەن یەکێک لە هەرە ناسراوترین و بێزراوترین پیاوانی دەسەڵاتەوە زۆر شت بۆ ئێمە ئاشکرادەکات و دەریدەخات ئەم یارییە ناشیرینە لە کوێوە و لە کێوە سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەت ئێمە دەمانتوانی ڕێگای یاسایی بگرینە بەر، بەڵام پێمانوایە ئێمە نوسەرین و دەتوانین بە نوسین بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەمە جگە لەوەی ئەو زوڕناژەنەی ئەمەی نوسیوە شایەنی ئەو ماندووبوونە نییە کە پۆلیسێک لە نێوان دوو ژووری دادگادا، بۆ هێنان و بردنی کاغەزەکان بیکێشت. دوائەوە ئەم پیاوە باش دەزانێت کە ئێمە یارمەتی نوسەرانمان وەرنەگرتووە، باشیش دەزانێت کێن ئەوانەی بە ناهەق ساڵەهای ساڵە ئەم پارەیە وەردەگرن، دەشزانێت ئەو لیستەیە خەڵکانێکی پەرلەمانتار و پلەداری بەرزی حکومەتی ناوخۆ و ئەندامی زۆر زۆر باڵای حکومەتی عێراقیشی تێدایە، ئەم کابرایە لە ئاست ئەمانەدا بێدەنگە و ئێمە کە نوسەرین و مافی خۆمان بوو وەریبگرین، دەشزانێت و دڵنیاشە کە وەرماننەگرتووە، دێت و ئەم قسە بێمانایانە لەسەر ئێمە دەنوسێت؟ تەفسیری ئەمەش بەجێدەهێڵێن بۆ خوێنەران و بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی خزمەتکاری وەها عاقڵیان هەیە .

خاڵێکی تر کە بەشایستەی ئاماژە پێدانی دەزانین، قسەکانی "حاکم قادر"ە لە چاوپێکەوتنێکیدا کە دیسان لە "ڕۆژنامەی میدیا"وە بڵاوبۆتەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا حاکم قادر منەتی ئەوە بەسەر ئێمە و ژمارەیەک نوسەری دیکەدا دەکات کە نەک هەر زەویمان وەرگرتووە، بەڵکو بە تەزکییەی ئێمە زەوی بەخەڵکی تریش دراوە. سەرەتا دەبێت بڵێین زۆربەی هەرە زۆری نوسەران و هونەرمەندانی کورد، وەک دەیەها هەزار هاوڵاتی دیکەی کورد لە تەواوی توێژ و چینەکان زەویان وەرگرتووە. زەوی ئەو وڵاتە موڵک و ماڵی حاکم قادر و سەرۆک و بەرپرسەکان نییە. ئەو وڵاتە موڵکی هەموومانە و بە پلەی یەکەمیش موڵکی ئەوانەیە کە تیا ماندوودەبن و لە گەورەبوونی ئازادی و لە پەرەسەندنی فیکری و لە گەشەکردن و تازەبوونەوەی ڕۆشنبیریدا بەشداریدەکەن. کوردستان بەرلەوەی وڵاتی حاکم قادربێت، وڵاتی نوسەران و هونەرمەندان و داهێنەرانی ئەم میللەتەیە. مافی ئەوان گەر لە مافی حاکم قادر لەم نیشتیمانەدا گەورەتر نەبێت، کەمتر نییە. وەرگرتنی زەوی مافێکی سروشتی خەڵکە و سەدان نوسەر و هونەرمەند، هەزاران هاوڵاتی لەسەردەمی پێش بەعس و سەردەمی بەعسیشدا زەویان وەرگرتووە. ئەمڕۆ بە سیاسیکردنی ئەم مەسەلەیە مانای بە سیاسیکردنی مافە سروشتییەکانی خەڵکە، ئەمەش یارییەکی ناشیرینی دەسەڵاتداران و ئەو کەسانەیە کە دەسەڵات لەسەر وێنەی خۆی دروستیکردون و بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیشیان پێدەکات. ئۆپۆزسیۆنێک کوردستان وا وێنابکات کە موڵک و ماڵی حاکم قادر و سیاسەتمەدارانە و نابێت کەس دەست بۆ ئەو موڵک و ماڵە بەرێت، شتەکان وا وێنابکات وەک ئەوەی کوردستان موڵکی ئەم دوو حیزبە بێت و هەر مرۆڤێک زەوی وەرگرت ئەوا بووە بە پیاوی دەسەڵات، ئەوە نەک ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو هەر کلکێکی دەسەڵاتە و خۆی لە ژێر پەردەیەکی تردا شاردۆتەوە و دەمامکێکی تری کردۆتەسەر. ئەمڕۆ ئەوەی دەسەڵات بە دەموچاوە ناسراوەکانی بۆی ناکرێت، بەو دەموچاوە نەناسراوانە دەیکات کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن ناوناوە. جا ئەمە چ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکە کە هێندە دەبەنگە لە بری ئەوەی داوای ماف بۆ نوسەران و هونەرمەندان بکات، لە بری ئەوەی خزمەتکردنیان بکاتە کێشە و بیکاتە دروشم و وەرەقەی فشار بۆ سەر حکومەت، لە بری ئەوەی پڕ بەدەنگ باس لە پشتگیری ئەدیبان و هونەرمەندان و خەڵکی بەهرەمەندی ئەم وڵاتە بکات و هێز مۆبیلیزەبکات بەم ئاستەدا فشار دروستبکەن، بێت و هەموو کوردستان بەدیاری بکات بە موڵکی حکومەت و ئەمەش ناوبنێت کوردایەتی و خەبات. ئەمە نەک ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو داردەستێکی دەبەنگی دەسەڵات خۆیەتی. مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژیا و ئیشیکرد ماف و واجبی هەیە. مرۆڤێک نییە لەم سەر ئەستێرەیە تەنیا واجبی هەبێت و مافی نەبێت. ئەوەی تەنیا وادەزانێت مافی هەیە و واجبی نییە گەندەڵە، ئەوەشی پێیوایە تەنیا واجبی هەیە و مافی نییە کۆیلەیە. ئەوە تەنیا ملهوڕترین خزمەتکاری دیکتاتۆر و دەسەڵاتدارەکانن پێیانوایە دەبێت یەکێک هەبێت تەنیا واجبی هەبێت و مافی نەبێت. ئێمە جگە لەوەی چەندین ساڵە لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا لە دەنگە چالاک وماندووەکانین، بەودیویشدا لە سەختی پێشمەرگایەتییەوە بیگرە تا ئاوارەبوون، لە گیرانەوە تا زیندانی، لە برینداربوونەوە تا سەقەتبوونی جەستەیی، لە لەدەستدانی خوێندنەوە تا لەدەستدانی کەس و کار و ئەنفالکردن، هەموویمان لە پێناوی کێشەی میللەتەکەماندا چەشتووە. لێرەوە مەگەر یەکێک زەڕەیەک ڕەوشت و ویژدان لە خوێنیدا نەبێت تا بتوانێت لە خاک و ئاوی ئەو وڵاتەدا وەک بێمافێک تەماشامانبکات. گەندەڵی ئەوە نییە وەک هاوڵاتییەک، وەک نوسەرێک بەشێکی کەم لە مافەکانی خۆت وەرگریت، ئەوەی ئەمە بە گەندەڵی ناودەبات، هیچ نییە جگە لە قەڵەمێک کە نۆکەریی دەسەڵات دەکات، چونکی چەمک و زاراوەی گەندەڵی بەچەشنێک دەشێوێنێت کەس نەتوانێت مانا ڕاستەقینەکەی بدۆزێتەوە؛ ئەمە ئەو ستراتیژەشە کە دەسەڵات ئەمڕۆ کاری بۆدەکات. ئەم قەڵەمانە کرێگرتەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی پیاوە گەندەڵەکانی ناو دەسەڵاتن، ئیشیان ئەوەیە هەموو کۆمەڵگا و هەموو ئەو دەنگانەی ئەم کۆمەڵگایە ڕێزیان لێدەگرن، وەک گەندەڵ بناسێنن تا خۆیان لە ناو ئەو شێوانەدا ونبن. ئەمە درێژکراوەی هەمان ستراتیژە کە چەند ساڵێکە دەیەوێت گومان لەسەر کەناڵە ئەهلی و سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن و هەندێک لە

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش دروستبکات و بڵێت ئەمانە تەمویلیان دیارنییە و گەندەڵن. ئەمە هەمان عەقڵییەت و هەمان سیاسەتە کە هەرجارەی بە جۆرە نۆکەرێک جێبەجێدەکرێت، هەندێکجار پیاوانی دەسەڵات خۆیان ڕاستەوخۆ بەو کارە هەڵدەستن، وەک لە حاڵەتی جەمال عەبدوڵادا دەیبینین، هەندێکجاریش کەسانی بەکرێگیراو و دەمامک بەسەر بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئەو سیاسەتە جێبەجێدەکەن. ئێمە نە وەزیر بووین یاریمان بە سەروەت و سامانی گشتی کردبێت و نە بەڕێوەبەری دەزگا بووین نوقسانی لە میزانییەماندا هەبووبێت، نە خاوەن پلەوپایە بووین و هاتبین خزم و کەسوکاری خۆمان دانابێت، نە موڵک و ماڵی گشتیمان لابووە فرۆشتبێتمان بۆ خۆمان، نە شەهادەشمان لەملاولا بە پارە کڕیوە و کارمان پێکردبێت. ئێمە دوای ئەوەی بەشی زۆری نوسەرانی کورد زەوییان وەرگرت، دوای ئەوەی بەشی هەرە زۆری هونەرمەندانی کورد زەوییان وەرگرت، دوای دووجار بانگهێشتی شارەوانی خۆی، پارچەیەک زەویمان بە ئاشکرا و لە ڕۆژی ڕوناکدا وەک زۆر نوسەر و هونەرمەندی دی و لە هەمان سیاقدا وەرگرتووە. ئیدی ئەمە نە تەفسیر هەڵدەگرێت و نە تەئویل، کۆمیدیاکەش لەوەدایە کە دەبینین ئەوەی هەوڵدەدات ئەمە تەفسیربکات و شاخ و باڵی لێدەربهێنێت، هەندێک نەخوێندەوارن کە لە هەموو ژیانیاندا لە تەفسیر و تەئویلی هیچ دیاردەیەکی ئەم کۆمەڵگایەدا بەشداریان نەکردوە. لەوەش بترازێت هەر کەس وەک نەعامە سەری خۆی نەکات بە ژێر لمەوە، دەزانێت ئێمە لەو نوسەرانە بووین کە بەردەوام لەسەر هەموو کێشە گەورە و بچوکەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئامادەبووین. لەگەڵ ڕێزیشماندا بۆ هەڵوێستی جوانی هەموو نوسەر و ڕۆژنامەنوس و هونەرمەندێکی تر، لەگەڵ شانازیماندا بەو ڕۆڵەی کە کۆمەڵێک دەزگا و ڕۆژنامە و ماڵپەڕی ئەم وڵاتە دەیگێڕن، دەڵێین: بەسە بۆ خوێنەر ئەرشیفی ڕۆژنامەکانی هاوڵاتی و ئاوێنە لەم دوو ساڵەدا هەڵبداتەوە تا ببینێت و بزانێت، کێ هەڵوێستی ڕاستەقینەی لە کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەبووە و کێش ملی خۆی هوڕکردوە، کێ قسەیکردوە و کێ بێدەنگی هەڵبژاردوە یاخود لە باشترین حاڵەتدا قسەی پڕوپوچ و بێنرخ و بازاڕی نوسیوە. ئێمە لە وشە زیاتر چەکێکی ترمان نییە تا بەکاریبهێنین، ئێمە نە حیزبی سیاسین و نە دروشمی ڕوخاندنی حکومەتی کوردستانمان هەڵگرتووە، تا تفەنگ هەڵبگرین و بچینە سەنگەرەوە. گەر هەر فس فس پاڵەوانێکیش جۆرە ستراتیژێکی وای هەیە، بەرلەوەی موزایەدەی بەتاڵ و بەدرەوشتانە بکات خۆی دەتوانێت بێت و دەست و تفەنگی خۆی پیشانی خەڵک بدات. نەوەک لە کونجێکەوە کە موزایەدەی بۆش و ڕستەی بریقەدار هیچی تێناچێت، باس لە هەڵوێستێک بکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیبووە. دروشمی ئێمە هەردەم گەورەکردنی ئازادییەکان و فراوانکردنی هوشیاری ڕەخنەیی و داهێنان و دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی ئەم میللەتە بووە، ئێمە ئیشمان بۆئەوە کردوە ڕەخنە بە گشتی چ لە ئاستە فیکرییەکە و چ لە ئاستە سیاییەکەیدا، لە موهاتەرات و شەڕە جنێو و پەلاماری شەخسی دەرچێت و ببێت بە زانستێک کە ئیشی خوێندنەوەی سیستم و سروشتی دەسەڵات و ماهییەتی ئازادیی بێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆمان بە خاوەنی ئەو هەقە نەزانیوە پسوڵەی نیشتیمانپەروەری و خیانەت دابەشبکەین، بەڵام خۆمان بە خاوەنی ئەو هەقە زانیوە بەرگری لە مانای دیموکراسییەت و ئازادی و ماف بکەین. لێرەوە ئێمە خوێنەرانی کورد ئاگاداردەکەینەوە، چەندین قەڵەمی کڕدراو کە هەندێکیان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیشدەکەن، دزەیانکردۆتە ناو ڕۆژنامە و سایتەکانەوە و ئیشیان ئەوەیە مانای وشەکان بەجۆرێک بشێوێنن، هەموو کەس بگرێتەوە و کەسیش نەگرێتەوە. چونکە لەدواجاردا ئەمە تاکە ستراتیژێکە بتوانێت پیاوە گەندەڵەکانی ناو دەسەڵات ڕزگاربکات. ئەم بەشە گەندەڵەی ناو دەسەڵات لە دروستکردن و کڕین و سەوزکردنی ئەمانەدا ملیۆنەها دۆلاری سەرفکردوە، بۆیە بە ئەرکی ئەخلاقی خۆمانی دەزانین کە خوێنەران لەمانە ئاگاداربکەینەوە. دواجار دەڵێین: گەندەڵی هەرە گەورە و هەرەسی فیکری و ئەخلاقی گەورە ئەوەیە کوردستان بە ماڵی پارتی و یەکێتی بزانیت، واتێبگەیت خاک و ئاوی ئەم وڵاتە دیاری و مەکرەمەی دەستی ئەوانە. ئەوانەی بەوجۆرە بیردەکەنەوە کەسانێکن بزانن یان نەزانن دەسەڵات تا ناو مۆخیان ڕۆیشتووە، ئەوانە نەوەک ئۆپۆزسیۆن نین، بەڵکو ئەو تۆڕەن کە دەسەڵات لەدەرەوەی خۆی و لە ژێر ناوی تر و لە ژێر پەردەی تردا بۆ خۆی چنیوێتی.

سەبارەت بەوەی حاکم قادر دەڵێت بە تەزکییەی ئێمە زەوی داوە بە خەڵک، ئێمە دەڵێین، ئەم قسەیە لە دوور و نزیک پەیوەندی بە ڕاستییەوە نییە. حاکم قادر نە هاوڕێی هیچ یەک لە ئێمەیە و هیچ یەک لە ئێمەش لە هەموو ژیانیدا تەکلیفێکی بۆ خۆی یان بۆ هیچ کەسێکی تر لەم پیاوە نەکردوە.

دواجار دەڵێین، ئەگەر خەڵکانێک هەن پێیانوایە، دەتوانن بەم درۆ و دەلەسانە، بەم چەواشەکارییە بێوێنەیە ئێمە لە ئیشکردن ڕابگرن، بە هەڵەدا چوون. بەپێچەوانەوە ئێستا ئێمە لە هەر کات زیاتر دڵنیایین لە ناو چ سیستمێکی ناشیریندا دەژین، چ ناوەندێکی ڕۆشنبیریمان هەیە کە فیکر و جوانی و جیدییەت نەبێت، هەموو هونەرێکی تر تیایدا باڵادەستە، چ ئۆپۆزسیۆنێکی دەبەنگمان هەیە کە هێندەی دژایەتی مافی خەڵک دەکات، نیو ئەوەندە دژایەتی دەسەڵات ناکات. هەموو ئەوانە هۆی گەورەن بۆ ئەوەی بەردەوامبین و جیدیتر ئیشبکەین و مینبەری زیاتر بکەینەوە و حەرامی قووڵتر بشکێنین. ئەوانەشی تا ئێستا بێدەنگی ئێمەیان بە هەڵە تەفسیرکردوە، دەبێت دڵنیابن ئێمە لە بەرابەر هەندێک گەندەقەڵەم بێدەنگین و بێدەنگیش دەبین، نەلە ڕابوردوودا و نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا بەدوای موهاتەراتی ئەوانەدا نەڕۆیشتووین و ناڕۆین، ئەوانە با تاکۆتایی ئەو قسە پڕوپوچانەی خۆیان بجونەوە، ئەوانە نە

نرخێکیان لای ئێمە هەبووە و نەنرخێکیان دەبێت. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە هەموو کاتێک و لە هەموو درۆیەک بێدەنگ دەبین.

28.6.2007

مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح